# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەریئبوونی خۆی ڕاگەیاند لە: سالیقە وحالیقە وشاقە

ئەبی موسا عبداللەی کوڕی قەیسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دووری وبەریئبوونی خۆی ڕاگەیاند لە سالیقە وحالیقە وشاقە». [سالیقە: ئەو کەسەیە لە کاتی کارەسات وناخۆشیدا دەنگی بەرزدەکاتەوە بە گریان وهاوار، حالیقە: ئەو کەسەیە کە سەری خۆی دەتاشێت بە هۆی موسیبەت وناخۆشیەوە، شاقە: ئەو کەسەیە کە یەخە وجلەکەی بەری دەدڕێت بەهۆی کارەسات ومردنی کەسێکیەوە، ئەمانە هەمووی نیشانەی ناڕەزایی دەربڕینن بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە بۆیە حەرامن ونەهییان لێکراوە].

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

تەواوی دانایی وحیکمەت بۆ خوای گەورەیە لەوەی دەیبەخشێت ودەیگرێتەوە، وئەوەی ناڕازی بێت لەمە ئەوا وەکو ئەوە وایە کە ناڕازی بێت لە قەزا وقەدەری خوای گەورە کە بێگومان قەزا وقەدەری خودا لە بەرژەوەندی بەندەکان وسەرچاوەی دادپەروەری وچاکەکارییە. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک ناڕازی بێت وتوڕەیی دەرببڕێت بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە ئەوا ئەو کەسە لەسەر ڕێبازی وسونەتی ئەو نییە، ولای داوە وڕێبازی ئەوانەی گرتووە بەر کە ئەگەر ناخۆشی تووشیان ببێت بێ هیوان وناڕەزایی دەردەبڕن؛ چونکە دڵیان پەیوەستە بەم ژیانی دونیایەوە بۆیە داوای پاداشت وڕازی بوون لە خودا ناکەن بەهۆی ئارامگرتنیان. بۆیە بەریئبوونی خۆی ڕاگەیاند لەوانەی ئارام ناگرن لەسەر بەڵا وناخۆشیەکان هەتا وایان لێهات لە دڵەوە ناڕازی دەرببڕن وبێتە سەر زمانیان ئەمیش بە نیاحە کردن وهاوار وگریان بە دەنگی بەرز وبانگەشەی ناڕەوا، یان بە کردار دەریان پری ئەمیش بە قژ تاشین وجل دڕان؛ ئەمانە هەمووی زیندووکردنەوەی خووەکانی جاهیلیەتن، ئەولیاکانی خوای گەورە ئەوانەن کە ئەگەر تووشی بەڵا وناخۆشی ببن ئەوا تەسلیمی قەزا وقەدەری خوای گەورە دەبن وناڕازی دەرنابڕن، ودەڵێن: (إِنَّا لله وإِنا إليه رَاجعُونَ)، وخوای گەورە سەبارەت بەم جۆرە کەسانە دەفەرمویێت: {وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (155) الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (156) أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ(157)} [البقرة]، واتە: {بە دڵنیایی تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس کە دوژمن زاڵ بکەین بەسەرتاندا و ترسی دوژمنتان هەبێت وبە برسێتی ونەبوونی، وبە کەمی لە ماڵ و سەروەت و سامان و نەفس و بەرووبووم بەڵام مژدە بدە بە ئەو کەسانەی کە لە کاتی ئەو بەڵا و موسیبەتانە ئارامگرن (155) ئەو کەسانەی کە تووشی هەر بەڵا وموسیبەتێك دەبن دەڵێن: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) واتە: ئێمە هەر موڵکی خوای گەورەین وە هەموومان بۆ لای خوای گەورە ئەگەڕێینەوە (156) هەر کەسێك وا بڵێت وسەبرو ئارام بگرێت ئەوانە سەڵاواتی خوای گەورەیان لەسەرە واتە: خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت وستایشیان دەکات لەلای فریشتەکان وخوای گەورە ڕەحمیان پێ دەکات، وئەوانە خوای گەورە هیدایەتیان دەدات 157))}.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee